# سیناریۆی "هەڵبژاردن" پرۆژەیەکی فریوکارانەیە
# پێویستە موقاتەعەو ناکام بکرێتەوە!

**خەلکی ئازادیخوازی عیراق!**

دەستەو تاقمە قەومیو دینیەکانی سەر بە ئەمریکا، بۆ بەرەوپیش بردنی نەخشەی هاوبەشیان لەگەل ئەمریکادا، بە مەبەستی دریژەدان بە هەولیان بۆ فەرز کردنی دەسەلاتو دەولەتیکی کۆنەپەرستانەی قەومیو دینی بەسەر خەلکی عیراقدا، بە مەبەستی دریژەدان بە رەوەندێکی کۆنەپەرستانە کە کۆمەلگای عیراقی خستوەتە ناو سیناریۆیەکی رەشەوەو کردویەتی بە مەیدانی موسابەقەی تیرۆریستی نیوان ئیسلامی سیاسیو ئەمریکا، دەیانەوێ سیناریۆیەکی فریوکارانە بە ناوی هەلبژاردنەوە بەریوەبەرن.

هەلبەت دەکرێ هەلبژاردنی ئازاد، مەیدانیك بیت بۆ خەباتو هەولدانی جەماوەری خەلك لە پیناو خواستو ئامانجەکانیان. بەلام ئەم پرۆسەیەی بەریخراوە بە تەوای فریوکارانەو بەدەرە لە سەرەتایی ترین پیوانەکانی هەلبژاردن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە روانگەی هەست کردن بە مسئولیەتەوە بەرامبەر بوارکردنەوە بۆ دەخالەتی خەلكو هیزە سیاسیەکان لە نیو ئەم سیناریۆ رەشەدا، سەرباری پیشبینیەکانی خۆی بۆ ماهیەتی ئەو پرۆژەیەی کە ناوی نراوە هەلبژاردن، هەولێداو تەرحی خۆی خستەروو بۆ ئەوەی بە واقعی هەلبژاردنیك بەریوە ببریتو جەماوەری خەلك بتوانن تیایدا ئازادانەو هوشیارانە بریار لەسەر سیستەمی حوکم بدەن. بەلام ئەو لایەنانەی کە لە پشتی ئەم سیناریۆیەوە راوەستاون بە پێی نیەتو مەبەستی خۆیان ئامادە نەبوون گوێ لە تەرحو پیشنیارەکانی حزب بگرنو وەلامی مەلزوماتی دەخالەتی ئازادانەو ئاگاهانەی خەلك بدەنەوە.

پرۆسەیەك کە ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی بۆ هەلسورانی هەموو لایەنەکانی تیا مسۆگەر نیە، بۆ ئەوەی جەماوەری خەلك بە سیاسەتو ریگاچارەکانیان ئاشنابن، لە کاتیکدا کە هەموو لایەنەکان لە ئیمکانیەتی پیویستو یەکسان بۆ دەستراگەیشتن بە میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن بەهەرەمەند نین تاوەکو خەلك ئیمکانی تیگەیشتن لە سەرجەم پلاتفۆرمەکان پەیدا بکەن، هەروەها پیش هەلبژاردن ماوەو دەرفەتی پیویست بۆ پروپاگەندەو ئاشنایەتی خەلك لەگەل تەرحی لایەنەکان لە فەزایەکی ئازادو ئارامدا فەراهەم نەکراوە، بە هیچ جۆریك ئەو بوارە  بۆ خەلك ناهیلیتەوە کە بتوانن هۆشیارانەو لەسەر بناغەی ئاشنایەتی بە بەدیلە جۆراوجۆرەکان هەلبژاردنی خۆیان بکەن. بەلکو بەپێچەوانەوە لەم حالەتەدا هێزە قەومیو دینیە کۆنەپەرستو هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بە چاوی بەستراوەوە خەلك دەبەنە بەردەم ئەم پرۆسەیەو لە واقعدا پەنجە مۆری خەلك بۆ بەدیلیك وەردەگرن کە پیشتر بریار لەسەر سەپاندنی دراوە.

هەروەها بەو پیەی هیچ زەمانەتیك بۆ ئەوە نیە کە جەماوەری خەلك بتوانن دور لە ملهوریو سەرەنیزەی ملیشیای قەومیو دینی ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن بە بەدیلی دلخوازیان. مادام کە ریوشوینی گونجاو بۆ هەلبژاردنی ئازادو دور لە ساختە دیاری نەکرابێتو ئەم هەلبژاردنە بە سەرپەرشتی لایەنیکی بێ لایەن لە کیشمەکیشەکانی ئیستای عیراق بەریوەناچیت، ناتوانی لە دەست تیوەردانو ساختەو تەزویری لایەنەکان بپاریزریتو ئەنجامەکەی هەرچیەك بیت گوزارش لە ئەنجامی دەنگدانی خەلك ناکات. سەرئەنجام  لەم هەلومەرجە نا ئەمنو خەتەرناکەدا هەر سیناریۆیەك لە ژیرناوی هەلبژاردندا بەرپابکریت جگە لە گالتەجاری هیچی دیکە نیە.

هەروەها ئەوەی کە کیشەی خەلکی کوردستان وەکو کیشەیەکی سیاسی گەورەو تاریخی لە عیراقدا بە هەلواسراوی ماوەتەوەو ئەو مافە بە خەلکی کوردستان نەدراوە لە راپرسیەکدا بریار لەسەر  ئەوە بدەن کە ئایا دەیانەوێ لە عیراقدا بمیننەوە یان جیابنەوەو دەولەتیکی سەربەخۆ پیکبهینن، بەم جۆرەش باز بەسەر  ئەم کیشە گەورەیەدا دەدریتو ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە بە فەرز دانراوەو ئەم خەلکە ناچار دەکرێ لە ژیرباری هەڕەشەو گورەشەی سەرکوتدا دەستبەرداری ئەم مافە سەرەتاییەی خۆیان بن.

لایەنەکانی پشتی ئەم سیناریۆیە  نە هەلبژاردن مەبەستیانەو نە تەنانەت ئامادەن مل بدەن بە ئەنجامی دەنگدانیکی ئازاد.  تەواوی نەخشەو مەبەستی ئەوان ئەوەیە بە هەر فریوکاریەك بووە، روپۆشیکی شەرعی بدەن بەسەر بەدیلی کۆنەپەرستانەی خۆیانداو روو بە کۆمەلگای عیراقو خەلکی دنیا وا نیشانبدەن کە بەدیلی ئەوان دەنگدانی خەلکی عیراقی لە پشتەوەیە. ئەگینا هیچ شتیك لەوە ئاشکراتر نیە کە لە ئیستای عیراقدا هیچ زەمینەو هەلومەرجیکی هەلبژاردن لە ئارادا نیە. سەباری هەموو ئەو بەلگانەی باسکران، تەنها بەو بۆنەیەوە کە هیچ رادەیەك لە ئەمنیەت بۆ بەشداری خەلك فەراهەم نیە، هەلبژاردن دەبیتە تەرحیکی پوچو کارتۆنیو فیروکارانە.

ئەمە تەنها ئەو راستیە دوپات دەکاتەوە کە لە کۆمەلگای عیراقو بە تایبەت لە هەلومەرجی ئیستادا، دەسەلاتو سیستەمی حوکمرانی لە ریگای هەلبژاردنەوە نابریتەوە، بەلکو هاتنەمەیدانی فراوانی جەماورەی خەلکی پیویستە لە دەوری سیاسەتو بەدیلی کۆمۆنیستیو رادیکال بۆ پاککردنەوەی کۆمەلگا لە هیزەکانی سیناریۆی رەشو گیرانەوەی ئیدارەو کاروباری حاکمیەت بۆ دەستی خودی خەلك.

***خەلکی ئازادیخواز***

لەم سیناریۆ فریوکارانەیە بەشداری مەکەن، ریگا مەدەن ئەم لایەنانە کەلك لە پەنجەمۆری ئیوە وەرگرن بۆ داسەپاندنی بەدیلی کۆنەپەرستانەیان بەسەر کۆمەلگادا. هەولی ئەوان چ لە ریگای سیناریۆی بە ناو هەلبژاردنەوە بیت یان بە خۆ سەپاندنی زۆرە ملی، فەرزکردنی دەولەتیکی کۆنەپەرستی قەومیو دینیو عەشایەری دەسکەلای ئەمریکایە. دەولەتیك کە ناکۆکیەکی توندی لەگەل سەرجەم خواستو ویستەکانی خەلکی ئازادیخوازو تینوی ئازادیو یەکسانی هەیە. نە تەنیا دەبێ ئەم هەلبژاردنە موقاتەعە بکرێتو بەشداری تیادا نەکرێت، بەلکو دەبێ ئەمە بە وینەی پیلانیك لە دژی خەلك ناکامو پوچەڵ بکریتەوە. بانگەوازتان دەکەین کە لەم هەلبژاردنەدا بەشداری مەکەن، موقاتەعەی بکەن، مەبنە شەریکی پرۆژەی سیاسی لایەکی شەری تیرۆریستی، لەگەل حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بۆ ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆ فریوکارانەیە بینەمەیدانو بۆ دەرکیشانی دەسەلاتو ئیدارەو کاروباری خۆتان لە دەستی هیزەکانی سیناریۆی رەشو گیرانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری خەلك، بۆ بەرپاکردنی حکومەتیکی سکولارو پیشکەوتوانەی غەیرە قەومیو غەیرە دینی پشت بەستو بەئیرادەی خەلكو وەلامدەرەوەی خواستە فەوریو بنەرەتیەکانی ئیستای کۆمەلگا کە بریتیە لە نانو ئەمنیەتو ئازادیو سازدانەوەی مەدەنیەت، لە پشتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق راوەستن.

**پلینیۆمی پانزەیەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**
**کۆتایی نۆڤەمبەری 2004**